# توندوتیژی ڕەمزی و پەیوەندی بە کوالیتی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە

**آراز حكيم رضا [١] عباس شريف احمد [٢]**

[١] بەشی پەروەردەی تایبەت، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی صلاح الدین – هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
[٢] بەشی کارگێری و ئابوری، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

---

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی تاوتوێکردنی توندوتیژی ڕەمزی دەدات کە لە لایەن کۆمەڵناسی فەرەنسی (پییێر بۆردیۆ)وە ناسێندراوە، بۆ ئاماژەکردن بەو فۆرمانەی توندوتیژی کە وەکو فشاری فیزیکی دەرناکەون. توێژەران لەم توێژینەوەیەدا گەنگەشەی پەیوەندی نێوان توندوتیژی ڕەمزی و کوالیتی فێربوون دەکەن. نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی هەر چوار فاکەڵتییەکەی زانکۆی کۆیە. لەم پەیپەرەدا، توێژەران مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادییان بۆ شیکردنەوەی پەیوەندی هۆکاری نێوان گۆڕاوەکان بەکارهێناوە. شیکردنەوەکانی توێژینەوەکە ئەوە نیشاندەدات کە بەشداریکردن لە وانەکان، پاڵنەری خوێندن و فێربوونی کارا پەیوەندییان هەیە لەگەڵ فۆرمەکانی توندوتیژی ڕەمزی لای قوتابیانی زانکۆ بە چەشنێك کە: توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان نەبوو، بەڵام ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای بەهای خوێندنەوەی (-0.073) لادانی پێوەری کاریگەری پێچەوانەی لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان هەیە . توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی بە بێ نێوەندگیر کاریگەری بەڵگەداری هەبوو. هەروەها پاش زیادکردنی نێوەندگیریش کاریگەرییەکی بەڵگەداری ڕاستەوخۆی هەیە بە بڕی (-0.303) لادانی پێوەری، لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی بەڵگەداری ناڕاستەوخۆی هەیە بە بڕی (-0.240) لادانی پێوەری<P-value) 0.05)، بەم شێوەیە بەو ئەنجامە دەگەین کە نێوەندگیرییەکی بەشەکی partial) (mediationبوونی هەیە .بە هەمان شێوەی سەرەوە، پەیوەندی توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران بە فێربوونی کاراوە، بەشێوەی نێوەندگیری بەشەکییە، واتە پێش زیادکردنی نێوەندگیر و پاش زیاد کردنی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو هەیە

**کلیلە وشە:** توندوتیژی ڕەمزی، کوالیتی فێربوون، پەروەردە، پییێر بۆردیۆ، هەیمەنەی کۆمەڵایەتی

## Abstract:

The current paper aims at exploring the concept of symbolic violence which was introduced by the French sociologist Bourdieu in order to highlight those forms of violence that do not involve physical force. The researchers discuss the relationship between symbolic violence and quality of learning. The sample of the research is students of 4 faculties at Koya University. In this paper, the researchers use structural equation modeling to analyze the casual relationship between the variables. Our analysis suggests the students' participation in the class; motivation and active learning which are linked to symbolic forms of violence that occur at universities.

Throughout this study, the researchers came up with the following conclusions: Symbolic violence that implemented by students has no direct effect on their participation in lectures. But it has (-0.073) standard division indirect effect. Therefore, we have an indirect effect. Symbolic violence that implemented by students has a significant influence on academic motivation without mediation and it has significant direct effect (-0.303 standard division) and significant indirect effect (-0.240 standard division) with mediation, so we can say that we have a partial mediation. Symbolic violence that implemented by students has a partial mediation on active learning too. It means that, it has a significant effect (direct & indirect) with mediation and without mediation.

**Keywords**: Symbolic Violence, Quality of Learning, Education, Pierre Bourdieu, Social Dominance

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262

## 1. پێشەکی

توێژەران لە ماوەی کارکردن و خزمەتکردنیان وەکو یاریدەری توێژەر و مامۆستا لە ناوەندی زانکۆ و ئەزموونی چەند ساڵەیان لەو بوارەدا، درکیان بە پیادەکردن و بەکارهێنانی جۆرێک لە توندوتیژی ناڕاستەوخۆ و شاراوەی جیاواز لە جۆرەکانی تری توندوتیژی جەستەیی و دەروونی بەرامبەر خوێندکاران لەلایەن مامۆستایان و دەستەی کارگێڕی و خودی خوێندکارانەوە بەرامبەر خۆیان کردووە، کە بە توندوتیژی ڕەمزی دەناسرێت. مەترسی ئەم جۆرە توندوتیژییەش بۆ نادیاری و هەستپێنەکردنی لەلایەن بەشێک لە بەکاربەران و ئەو لایەنەش بەرامبەری بەکاردەهێندرێت دەگەڕێتەوە.

لە ڕوانگەی (بۆردیۆ)وە پیادەکردنی ئەم جۆرە لە توندوتیژی لەلایەن مامۆستایان و ستافی کارگێڕی بەرامبەر خوێندکار و سەپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەسەریاندا و ئاڕاسەکردنیان بۆ بونیادنانی ڕەفتار و بیرۆکەی دیاریکراو بە شێوازی جۆراوجۆر، وەک توندی زیاد لە پێویست لەلایەن ڕاگر و سەرۆک بەشەکان لەگەڵ خوێندکارەکانیان، بەگژاچوونەوەی ماموستا بۆ پرسیاری خوێندکاران، گاڵتەکردن بەوەی خوێندکاران دەینووسن، کەمکردنەوە لە زیرەکی و بیرۆکەکانی خوێندکار بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، گۆڕینی بیرکردنەوەکانیان بە ئاڕاستەی دیاریکراو، ئاماژەپێکردنیان بە دابەزینی ئاستی زانستی و ڕۆشنبیریان و بڕوانەبوون بە تێڕوانینە تایبەتییەکانیان و هاننەدانیان لەو بارەیەوە سەردەکێشێت بۆ لاوازبوونی توانا ژیری و زانستییەکانی خوێندکاران، بێبەشکردنیان لە پیادەکردنی ماف و ئازادییەکانی گوزارشتکردنیان لە بیروبۆچوون و کارامەییە زانستییەکانیان، لەناوبردنی توانا ئەفرێنەرەکانیان و پێگەیاندنی خوێندکار لەسەر ملکەچی و پاشکۆیی و شێوازەکانی ڕق و خۆسەپاندن (بوردیو و باسرون، 2007، ص102).

لەم ڕوانگەیەشەوە دەرئەنجامی توێژینەوە زانستییەکانی ئەم بوارە ئاماژە بە پەیوەستبوونی توندوتیژی ڕەمزی بە چەندین دەرئەنجامی نەرێنی و مەترسیدار لەسەر ژیانی تایبەتی و خوێندنی خوێندکار دەکەن لەوانەش: (بوونیادنانی ژینگەیەکی چەپێنەر و شەڕخوازانە و داڕوخێن، هێنانەکایەی کەشێکی گشتی لە نادڵنیایی و هەستکردن بە نامۆیی، وێناکردنی وانەووتنەوە بەشێوەیەکی وشک و خاڵی لە داهێنان و دوور لە گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە، لاوازبوونی متمانە بە مامۆستایان و ئەو بەها و بنەما مرۆییانەی ئاماژەی پێدەکەن، کەمبوونەوەی هەستی خۆشەویستی و سەرپێبوونیان بۆ زانکۆ، تێرنەکردنی پێداویستییە زانستی و دەروونییەکانیان، دابەزینی ئاستی خوێندن و وێناکردنی و ڕێزگرتنیان لە خودی خۆیان، پەککەوتنی خوێندکار لە بەرەنگاربوونەوەی تەواوی ئاستەنگەکانی ژیان) (بویطانة، 1984، ص157) (الحيا، 1988، ص64) (Beyer, 1966, p. 103) (الزواهرة، 2006، ص2) (عايد، 2016، ص337).

بەمەش لە ئەگەری هەڵنەستانی زانکۆ بە ڕۆڵ و ئەرکی پەروەردەیی و فێرکاری خۆی و بوون و بەکارهێنانی ئەم جۆرە توندوتیژییە لەلایەن هەریەک لە (مامۆستا، ستافی کارگێڕی، خودی خوێندکاران)ەوە جۆرێک لە ترس و نیگەرانی و نائارامی دەروونی و کۆمەڵایەتی بۆ خوێندکارانی بەدوادادێت و دواجار تاکی ناتەندروست لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەییەوە بەرهەم دەهێنێت، ئەمەش وا دەکات زانکۆ لە ناوەندێکی بەرهەمهێنانی مەعریفەوە ببێتە ناوەندێک بۆ بەرهەمهێنانی تاکی ناتەندروست.

هاوکات ئەگەر ئەو بارودۆخە بارگاوییە بە توندوتیژی ڕەمزی هاوشانی نەبوونی ئاستێکی بەرز لە کوالیتی فێربوون بێت، ڕەنگە دەرئەنجامی زۆر لەوە مەترسیدارتر بەدوای خۆیدا بهێنێت و باجەکەشی کۆمەڵگە بە گشتی و خوێندکاران بە تایبەتی بیدەنەوە.

هەروەک (الحربي، 2013) لە توێژینەوەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە درککردنی خوێندکار بە توندوتیژی ڕەمزی ڕەنگە سەر بکێشێت بۆ شکست و لاوازی توانایان بۆ سەرکەوتن و بڕیاردانیان و دروستکردنی پێشبینی نەرێنی و ڕەشبینانە لە بارەی ئێستا و داهاتووی خوێندیان (الحربي، 2013، ص3).

لەو ڕوانگەیەوە توێژەران پێیان وایە کە هەردوو گۆڕاوی (توندوتیژی ڕەمزی) و (کوالیتی فێربوون) دوو بابەتی گرنگن بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستییان لەبارەوە ئەنجام بدرێت، چونکە زیادبوونی ئاستی توندوتیژی ڕەمزی و خراپی کوالیتی فێربوون دەبنە سەرچاوەی مەترسییەکی گەورە لەسەر دروستی دەروونی و توانای زانستی و ئەفراندنی خوێندکاران و خێزان و دەوروبەریان بە تایبەتیش لە ناوەندێکی وەکو زانکۆدا، ئەمەش بەدوای خۆیدا دابەزینی ئاستی خوێندکار و بەرهەمیان و دەرهاویشتەی نەرێنی بۆ تەواوی ڕێڕەوی خوێندن دێنێت، بەمەش گرفتێکە شایستەی توێژینەوەی زانستی و هەڵوێستە لەسەرکردنە. بۆیە گرفتی ئەم توێژینەوەیە خۆی دەبینێتەوە لەم پرسیارەدا: توندوتیژی ڕەمزی و کوالیتی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆ لە چی ئاستێکدایە؟ و پەیوەندی چییە لە نێوان ئەو دوو گۆڕاوەدا

### گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە خۆی لە دوو لایەندا دەبینێتەوە:

**یەکەم: لایەنی تیۆری:** گرنگییە تیۆرییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕووی لایەنی تیۆری دوو گۆڕاوی نوێ و سەردەمیانە کە دوو گۆڕاوی تا ئاستێکی زۆر فەرامۆشکراوە لە نێو بواری توێژینەوە سایکۆسۆسیۆلۆژییەکاندا، بە تایبەتیش لە ناوەندە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا، بەمەش دەبێتە سەرچاوەیەک لەو سەرچاوانەی کە پەرتووکخانەی کوردی بە بابەتێکی هەستیار و گرنگ دەوڵەمەند دەکات.

**دووەم: لایەنی پراکتیکی:** گرنگییە پراکتیکییەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیین لە:

1) ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات ئاستی دوو گۆڕاوی گرنگ و پەیوەندی نێوانیان بدۆزێتەوە کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ژیانی خوێندکارانی زانکۆ و ئاستی زانستییان هەیە.
2) کارکردن لەسەر توێژێکی گرنگ و هەستیاری وەک نموونەی توێژینەوەکە کە خوێندکارانی زانکۆیە و داهاتووی کۆمەڵگەیان لەسەربەندە.
3) دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە ڕەنگە دەستبار و یارمەتیدەرێکی گەورەی پسپۆڕ و توێژەر و ڕێنماییکارانی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی بێت بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی هەندێک لەو گرفت و نەهامەتییانەی کە ڕەنگە خوێندکاران بەدەستییەوە بناڵێنن و لێیان بێئاگابین.

کۆنفرانسی نێودەوڵەتی کۆیە لە ڕەوتی شارستانیەتدا © ٢٠١٩
١-٣ نیسانی ٢٠١٩

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262

4) هەروەک ئەم توێژینەوەیە سەرچاوەی بوونیادنانی دوو پێوەری گرنگە بۆ توێژەران تا لە ڕێگەیانەوە پەیوەندی نوێ لەگەڵ گۆڕاوی پەروەردەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی جیاوازتر بدۆزنەوە کە خزمەت بە توێژی خوێندکاریان بکات.

**ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

ئامانجەکانی توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بریتیین لە زانینی:

1) ئاستی توندوتیژی ڕەمزی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە.
2) ئاستی کوالیتی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە.
3) پەیوەندی نێوان توندوتیژی ڕەمزی و کوالیتی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە.
4) دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز، پسپۆڕی و مانەوە یان نەمانەوە لە بەشە ناوخۆییەکان) لەسەر پەیوەندییەکە.

**سنوری توێژینەوەکە:**

سنوری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی کۆیە لە پسپۆڕییە زانستی و مرۆڤایەتییەکان بۆ ساڵی خوێندنی (2018-2019).

## 2. دیاریکردنی چەمکەکان:

**یەکەم: توندوتیژی ڕەمزی:**

توندوتیژی ڕەمزی وەکو چەمکی یەکەمی توێژینەوەکە لەلایەن هەریەک لەمانەی خوارەوە پێناسە دەکرێت بەوەی کە:

1) (لادیکۆلا، Ladicola 1983): "بریتییە لە توندوتیژی زارەکی و نازارەکی کە لەلایەن دەسەڵاتدار و بەرپرسانی شوێنە باڵاکانەوە بەکاردەهێندرێن، وەکو ترساندن و هەڕەشەکردن و نیشاندانی ئاماژەی کۆمەڵایەتی نەخوازراو و بەسەرداداني نازناوی خراپ و نەشیاو" (عاید، 2016، ص.342).

2) (پیێر بۆردیۆ، Pierre Bourdieu 1994): "بریتییە لە توندوتیژییەکی نافیزیکی، لە بنەمادا لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن و مەعریفە و ئایدۆلۆژیاوە ئەنجام دەدرێت، کە شێوەیەکی نەرم و هەستپێنەکراوی هەیە و هەندێکجار قوربانیانی ئەم توندوتیژییە خۆیان نایبینن یان نادیارە" (بوردیو، 1994، ص.14).

3) (پیێر بۆردیۆ، Pierre Bourdieu 1994): "بریتییە لە بەکارهێنانی جۆرێک لە توندوتیژی لەلایەن بەرپرسانی پرۆسەی فێرکردنەوە بەرێگەی ڕەمزی ناڕاستەوخۆ کە لەڕێگەیەوە پیادەی هەیمەنە و دەسەڵاتی خۆیان دەکەن بە ئامانجی زاڵبوون بەسەر خوێندکاران و کۆنترۆڵکردنی ژیانیان و ملکەچکردنیان و لێسەندنی هێزی بیری و داهێنانەیان" (بوردیو، 1994، ص.39).

4) (نیکیتا، Nicuta 2007): "بریتییە لەو توندوتیژییە ناڕاستەوخۆیانەی کە لەلایەن دەسەڵاتدار و بەرپرسانەوە بەرامبەر تاک ئەنجام دەدرێت، کە لە ڕێگەی لێدوان و وتار و ئاماژە زارەکییە توندەکانیانەوە دەردەکەوێت" (Nicuta, 2007, p.3).

5) (عەلی، 2011): "بریتییە لە سەپاندنی بەهاکان و ئەو فشارە کوولتورییانەی کە فۆرمێکی شەرعیبوونیان بەبەردابڕاوە و لەلایەن دەسەڵاتە یاسایی و کوولتورییەکانەوە کە تێیدا تاکەکان ناچار بە ڕازیبوون و بەردەوامیدان و لە هەندێ باردا بەرهەمهێنانەوەی دەکەن" (عەلی، 2011، ل.10).

**پێناسەی تیۆری توندوتیژی ڕەمزی:**

توێژەران پێناسەی تیۆری توندوتیژی ڕەمزی بە پشتبەستن بە پێناسەکەی (پیێر بۆردیۆ) دەکەن، بەوەی کە بریتییە لە: "توندوتیژییەکی نافیزیکی، لە بنەمادا لە ڕێگەی ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن و مەعریفە و ئایدۆلۆژیاوە ئەنجام دەدرێت، کە شێوەیەکی نەرم و هەستپێنەکراوی هەیە و هەندێکجار قوربانیانی ئەم توندوتیژییە خۆیان نایبینن یان نادیارە".

**پێناسەی کرداری توندوتیژی ڕەمزی:**

توندوتیژی ڕەمزی لەڕووی کردارییەوە بریتییە لە: "کۆی ئەو نمرانەی کە خوێندکارانی زانکۆ لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی پێوانی توندوتیژی ڕەمزی بەدەستی دەهێنن".

**دووەم: کوالیتی فێربوون:**

کوالیتی فێربوون وەکو چەمکی دووەمی توێژینەوەکە لەلایەن هەریەک لەمانەی خوارەوە پێناسە دەکرێت بەوەی کە:

1) (بریهان، 1993): "بریتییە لەو پرۆسەیەی کە جەخت دەکاتە سەر ئەو شێوازانەی فێربوون و فێرکردنی کارا کە پاڵپشتی بەردەوامی تواناکانی خوێندکار و بەهرە جۆراوجۆرەکانیان دەکەن بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست و کارامەیی کرداری و ڕەفتاری جێبەجێکاری بەرهەمهاتوو لە سیستەمێکی بیری پێشکەوتوو لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و پێشهاتەکانی" (حجاوي، 2016) (www.mawdoo3.com).

2) (سلیم، 2015): "بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەر و لایەنی کرداری کە ئامانج لە جێبەجێکردنیان چاکسازی بەردەوامە لە بواری بەرهەمهێنانی فێرکاریدا، هەروەک ئاماژەیە بۆ تایبەتمەندی و خەسڵەتی چاوەڕوانکراو لە دەرهاویشتەکانی ئەو پرۆسەیە" (سلیم، 2015) (www.new-educ.com).

3) (گریما، Grima 2008): "بریتییە لە کۆمەڵێک پێوەر و کردار و بڕیار کە ئامانج لە جێبەجێکردنیان باشکردنی ژینگەی فێرکارییە، بەجۆرێک ئەو پێوەرانە سەرجەم لایەن و ڕەهەندەکانی دەمەزراوە فێرکارییەکە بگرێتە خۆی لە خوێندکار و دەستەی وانەبێژی و کارگێڕی و بارودۆخی فەرمانبەران کە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان بە سیستەمە فێرکارییەکەوە هەیە" (Grima, 2008) (www.timesofmalta.com).

4) (عیسان، 2016): "بریتییە لەو پرۆسەیەی کە وادەکات فێربوون و فێرکردن ببێتە کارێکی چێژبەخش، بەجۆرێک ئەو دامەزراوەیەی بە کوالیتی دەناسرێتەوە وا دەکات خوێندکارەکانی تامەزرۆی پرۆسەی فێربوون و فێرکردن بن و بەشێوەیەکی کارا و ئەرێنیانە تێیدا بەشدارین" یان "بریتییە لە وەرگێڕانی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی خوێندکاران بۆ خەسڵەت و تایبەتمەندی دیاریکراو کە ببێتە بنەمایەک بۆ گشتاندنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان و گەیاندنیان بە تەواوی خوێندکاران" (عیسان، 2016) (www.squ.edu.om).

5) (حسن، 2016): "بریتییە لە سەرجەم ئەو لایەنانەی کە دەبێتە هۆی بەرەوپێشچوونی توانا بیری و کارامەییەکانی خوێندکار، باشکردنی ئاستی فێربوون و وەرگرتنیان، زیادکردنی توانایان بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی ڕووبەڕویان دەبێتەوە، زیادکردنی توانایان بۆ گەیشتنی زانیارییەکان پێیان بە کارایی و سوود وەرگرتن لەو توانایانەی وەریدەگرن" (حسن، 2016، ص.228).

Original Article | http://dx.doi.org/10.14500/krc2019.Gen262

**پێناسەی تیۆری کوالیتی فێربوون:**

توێژەران پێناسەی تیۆری کوالیتی فێربوون بە پشتبەستن بە پێناسەکەی پرۆفیسۆر (بریهان) دەکەن، بەوەی کە بریتییە لە: "ئەو پرۆسەیەی کە جەخت دەکاتە سەر ئەو شێوازانەی فێربوون و فێرکردنی کارا کە پاڵپشتی بەردەوامی تواناکانی خوێندکار و بەهرە جۆراوجۆرەکانیان بۆ وەرگرتنی زانیاری پێویست و کارامەیی کرداری و ڕەفتاری جێبەجێکاری بەرهەمهاتوو لە سیستەمێکی بیری پێشکەوتوو لەگەڵ پێداویستییەکانی سەردەم و پێشهاتەکانی دەکەن".

**پێناسەی کرداری کوالیتی فێربوون:**

کوالیتی فێربوون لەڕووی کردارییەوە بریتییە لە: "کۆی ئەو نمرانەی کە خوێندکارانی زانکۆ لە ڕێگەی وەڵامدانەوەیان بۆ بڕگەکانی پێوەری بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا بە مەبەستی پێوانی کوالیتی فێربوون بەدەستی دەهێنن".

## 3. چوارچێوەی تیۆری:

**یەکەم: توندوتیژی ڕەمزی (Symbolic Violence):**

**چەمکی توندوتیژی ڕەمزی:**

چەمکی (توندوتیژی ڕەمزی) بۆ یەکەمجار لە نووسینەکانی (پێیر بۆردیۆ) Pierre Bourdieu و (جان کلاود پاسیرۆن) paseeron لە پەرتووکەکەیاندا بە ناونیشانی (دووبارە بەرهەمهێنانەوە) La Reproduction لە ساڵی (1970)دا بەکارهاتووە. دواتر دووبارە لەلایەن (بۆردیۆ)وە بەشێوەیەکی وردتر و ڕوونتر لە ڕێگەی پەرتووکەکانی (چوارچێوەی تیۆری پیادەکردن) outline of theory of practice لە ساڵی (1972) و (هەیمەنەی نێرینەیی) masculine domination لە ساڵی (1990) بەکارهێنراوەتەوە (عاید، 2016، ص.343).

هەرچەندە جگە لە (بۆردیۆ) چەند بۆچوون و تیۆرێکی جیاواز بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی چەمکی (توندوتیژی ڕەمزی) لە ئێستادا لە ئارادان کە لەم بەشەدا بەپێی گونجان و گرنگی و وابەستەییان بە ئامانجی ئەم توێژینەوەیەوە ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام توێژەران لەم توێژینەوەیەدا لە لایەنی تیۆرییەوە بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکی (توندوتیژی ڕەمزی) پشت بە تیۆری توێژەر و کۆمەڵناس و فەیلەسوفی فەڕەنسی (پێیر بۆردیۆ) (2002-1930) Pierre Bourdieu دەبەستن. چونکە (بۆردیۆ) دامەزرێنەر و بانگەشەکاری سەرەکی بیرۆکەی توندوتیژی ڕەمزییە و زۆر بە وردی و ڕوونی پیادەکردن و بەکارهێنانی لەلایەن سیستەمە پەروەردەیی و فێرکارییەکانەوە دەخاتەڕوو، هەروەها زۆر بایەخی بە کۆمەڵناسی پەروەردە و فێرکردن داوە و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی بە ناوەند و فەزایەک بۆ کێبڕکێ و بەربەرەکانێ و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و سەرچاوەیەک بۆ دووبارە بەرهەمهێنانەوەی توندوتیژی ڕەمزی دەزانێت.

**تیۆرەکانی توندوتیژی ڕەمزی:**

1. **تیۆری (پێیر بۆردیۆ)** Pierre Bourdieu:

لە ڕوانگەی (بۆردیۆ)وە توندوتیژی دوو شێوە لەخۆی دەگرێت، یەکەمیان: بریتییە لە توندوتیژی ماددی و چەشنە جیاوازەکانی (کە بە مانای ئازارگەیاندن لە ڕووی جەستەیی و ماددییەوە دێت)، دووەمیان: بریتییە لە توندوتیژی ڕەمزی (کە بەمانای ئازارگەیاندن لە ڕووی دەروونی و هەست وسۆز و بیرەوە دێت) و لە ڕێگەی (جوێندان، بێڕێزیکردن، خۆسەپێنی، ئایدیۆلۆژیا و هتد) پیادە دەکرێت. بەمەش ئەستەمە قسە لەسەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی خاڵی لە توندوتیژی بکرێت، واتە توندوتیژی بە یەکێک لە سیما هەمیشەییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت (صفاء، 2016، ص.17).

تیۆرەکەی (بۆردیۆ)ش جەخت لە جۆری دووەمی توندوتیژی دەکاتەوە و مەبەست لێی پیادەکردنی توندوتیژیە لەلایەن بەرپرسانی دامەزراوە کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و سیاسییەکانەوە لە میانەی دەسەڵاتە ڕەواکانیانەوە بەسەر ئەوانی تردا بە ئامانجی زاڵبوون بەسەریان و کۆنترۆڵکردنی ژیانیان و ملکەچکردنیان بە ڕێگە و شێوازی دیاریکراو، بەو شێوەیەی لەگەڵ ئامانج و بیروڕا و ئایدۆلۆژیا تایبەتییەکانی ئەو بەرپرسانەدا گونجاو بێت (عاید، 2016، ص.343).

هەر بۆیەش (بۆردیۆ) ئاماژە بەوە دەکات کە لە توانادایە لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم جۆرەی توندوتیژیەوە تاک بروخێندرێت، ئەویش بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی پاک لە ڕووکار یان ئاماژە یان گریمانە یاخود تەنها بە دوورخستنەوەی، بەبێ ئەوەی کەسانی چواردەوری تێبینی ئەو بارودۆخە بکەن. ئەم توندوتیژیە شاراوە و چەندبارە کراوە، درێژخایەن و ڕۆژانەیە، دەروونی مرۆڤ ئازار دەدات و ماندوو شەکەتی دەکات و بەدوایدا خودی کەسەکە دەڕوخێنێت و وزە و توانا ئەفرێنەرەکانی لەناو دەبات. بەمەش توندوتیژی ڕەمزی لە ڕوانگەی (بۆردیۆ)وە لە ئەزموونێکی تاڵ و بە ئازاری خودی کەسێکەوە بۆ کەمکردنەوە لە ڕێزگرتنی خود و ئەوانی تر، پاشان بوون بە سەرچاوەیەکی هێمن و لەسەرخۆ و دواتر بۆ لاوازکردن و لەناوبردنی شوناس درێژدەبێتەوە (صفاء، 2016، ص.18).

**توندوتیژی ڕەمزی لە ناوەندە پەروەردەیی و ئەکادیمییەکاندا لە ڕوانگەی (بۆردیۆ)وە:**

(بۆردیۆ) گرنگییەکی زۆری بە توندوتیژی ڕەمزی لە بواری پەروەردەیی و ئەکادیمیدا داوە، چونکە پێیوایە ئەم چەشنە لە توندوتیژی لە ناوەندە فێرکارییەکاندا بەشێوەیەکی ئاشکرا بڵاودەبێتەوە، ئەمەش لە میانەی ئارەزووی هەندێک لایەنی فێرکارییەوە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجە پەروەردەییەکانیان و هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری فێرکارییان و سەپاندنی بەزۆری زانیاری و شارەزایی و ئەزموون و چالاکیە فێرکارییەکانیان لە مێشکی فێرخوازاندا (عاید، 2016، ص.343).

هەروەک پێیوایە هەر چالاکییەکی پەروەردەیی و فێرکاری لە ڕوانگەیەکی بابەتییەوە جۆرێکە لە توندوتیژی ڕەمزی، لەو ڕوانگەیەوە کە کولتورێکی سەپێنراوە لەلایەن کەسانێکی زۆردار و خۆسەپێنەوە بە مەبەستی سەپاندنی کولتورێکی دیاریکراو. واتە هەر چالاکییەکی پەروەردەیی جا پیادەبکرێت لەلایەن سەرجەم تاکە فێرکارەکان لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی یان کۆمەڵێکی دیاریکراو (پەروەردەی باو و بڵاو) یان لەلایەن ئەندامانی کۆمەڵەیەکی خێزانی کە کۆمەڵە یان چینێکی دیاریکراو ئەم ئەرکەیان پێبسپێردرێت (پەروەردەی خێزانی)، یان لەلایەن سیستەمێک کە پەیڕەوکارانی بە جێبەجێکردنی ئەم کارە ڕادەسپێردرێن، دامەزراوەیەک بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، گشتی یان بەشی، بە ئەرکە پەروەردەییەکەی (پەروەردەی دامەزراوەیی) هەڵدەستێت، تەنها لە حاڵەتی بوونی ئاماژەیەکی دیاریکراو لەسەر هەر چالاکییەکی پەروەردەیی، جا ئامانجی دووبارە بەرهەمهێنانەوەی نموونەیەکی سەپێنراوی کولتوری تایبەت بە چینە سەردەست یان ژێر دەستەکان بێت (بوردیو، 1994، ص.7).

**شێوازی بەرهەمهێنانی توندوتێژی ڕەمزی لەلایەن دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانەوە:**

دەتوانین ئەرکەکانی کاری پەروەردەیی لە میانەی چالاکیە پەروەردەیی و فێرکارییەکانیدا لە چوارچێوەی پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا لە ڕوانگەی (بۆردیۆ)وە لەم خاڵانەی خوارەدا بەدیار بخەین:

1. بە پلەیەکی بەرز هەڵدەستێت بە سەپاندنی ڕەوایەتی کوولتوری سەردەستەیی، یان زیاتر لەوەش سەپاندنێکی نائاگاییانە، نەک تەنها لەسەر ئەوانەی لە چوارچێوەی پەروەردەییدا بەیەک دەگەن، بەڵکو لەسەر ئەندامانی کۆمەڵە و چینە زاڵەکانیش (ئایدۆلۆژیای زاڵ، کە ئایدۆلۆژیای کوولتورێکی ڕەوایە بەو پێیەی گوزارشت لە کوولتوری ڕەسەن یان گشتی دەکات).
2. پاراستنی سیستەم یان دووبارە بەرهەمهێنانەوەی هاوسەنگی نێوان هێز و کۆمەڵە و چینەکان، ئەمەش لە ڕێگەی بەزۆر پیادەکردن یان گۆشەگیرکردن بۆ سەپاندنی دانپێدانان بە ڕەوایی کوولتوری سەردەستەیی بەسەر ئەندامانی کۆمەڵە و چینە ژێردەستەکان. بەگوێرەی ئەمەش مەبەستەکە بریتییە لە سەپاندنی بەسەر ئەوانی تردا لە ڕێگەی بەزۆر پیادەکردن و گۆشەگیرکردنیان لە پێناو دامالینی ڕەوایەت لە نموونە کوولتورییەکانی تردا (بوردیو، 1994، ص.56-57). لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە (بۆردیۆ) باوەڕی وابووە سیستەمی پەروەردە هەمان دابەشبوونی چینایەتی و توندوتیژی ڕەمزی لە کۆمەڵگەدا بەرهەم دەهێنێتەوە .

ئەم توندوتیژییەش ڕەنگە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی دەربڕینی زارەکی ڕاشکاو یان ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی هەڵگرتنی ڕەمزی زمانەوانییەوە بۆ کەسی قوربانی لە ئاماژەی شەرانگێزی داپۆشراو بە کەمڕوانین و گاڵتەجاری و ڕک و کینەوە گوزارشتی لێبکرێت، پاشان هەردوو جۆرەکە زەرەر و زیانی دەروونی لای قوربانییەکە لێدەکەوێتەوە و ئاماژەیەک دەبێت بۆ دانپێدانەنان بە بیروڕا و هەست و کیانی مرۆیی کەسەکە بە گشتی (وطفة، 2012، ص.10). بەمەش دەبینین ئەم جۆرە توندوتیژییە ئازار بە جەستەی تاک ناگەیەنێت، بەڵکو تووشی ئازاری دەروونی لە هەستکردن بە هەڕەشە و ترسان و گۆشەگیرکردن و پەراوێزخستن و بێبەشکردنی لە ماف و سەرکۆنەکردنی شکۆی و کەمکردنەوە لە توانا و ڕێزگرتنی لە خۆی دەکات.

**ئاماژە و نیشانەکانی پیادەکردنی توندوتیژی ڕەمزی:**

(بۆردیۆ) ئاماژە بە شێواز و نیشانەکانی پیادەکردنی توندوتیژی ڕەمزی دەکات بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم: بەکەمڕوانین:** ڕەفتارێکە کە بە باڵابردن و جیاکاری کەسانێک و کەمکردنەوە لە بەها و کیانی ئەوانی تر دەشکێتەوە، ڕەفتارێک خۆی دەبینێتەوە لە سووککردن و بچووککردنەوە و دوورخستنەوەی کۆمەڵایەتی و پیشەیی تاکەکان.

**دووەم: ڕەتکردنەوەی بەهایی:** خۆی دەبینێتەوە لە ڕەتکردەوەی توانا و کارامەیی تاکەکان، ئەمەش لەپێناو زاڵبوون بەسەریان و کەمکردنەوەی تواناکانیان و پوکانەوەی ئەو بەهرە و وزەیەی تێیاندایە.

**سێیەم: ملکەچپێکردنی دەروونی:** خۆی دەبینێتەوە لە لێسەندنەوەی ماف و تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و پیشەییە ڕەواکانی تاکەکان، لەگەڵ بێبەشکردنیان لە دەرفەتی گوزارشتکردن لە بیر و ڕاو و ئاراستە تایبەتییەکانیان.

**چوارەم: گوزارشتکردنی شەرانگێزانەی ئاشکرا:** خۆی دەبینێتەوە لە هێما و ئاماژەی زمانی و جەستەیی وەکو نیشانەیەک بۆ هێزی ئەنجامدەری توندوتیژییەکە و سەپاندنی هەیمەنەی پیشەیی و کۆمەڵاتی خۆی بەسەر ئەوانی تردا.

هەر بۆیەش (بۆردیۆ) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم جۆرە لە توندوتیژی هیچ بەهایەکی ئەخلاقی و فکری لە پشتەوە نییە و ئامانج تێیدا تەنها سەرکۆنەکردنی شکۆی تاک و ناچارکردنییەتی بە هەستکردن بە کەمی و بێبەشکردنییەتی لە بەها مرۆییەکانی و لەبیربردنەوەی پێداویستییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیەتی (وطفة، 2009، ص.71). ئاماژەکانی توندوتیژی ڕەمزیش لە ناوەندە فێرکارییەکاندا خۆیان دەبیننەوە لە: (بریندارکردنی هەستی خوێندکاران بە توندی، ئاماژەکردن بە کەمی توانای ژیری و لاوازی توانای فێربوونیان، ئاراستەکردنی بەردەوامی ڕەخنەی ڕوخێنەر بە ڕوویاندا، دەرفەتنەدان بە گوزارشتکردن لە بیروڕایان لە پرۆسە فێرکارییەکاندا، گاڵتەکردن بە شێوازی بیرکردنەوەیان، هەڕەشەکردن لێیان بە سزادان و سەپاندنی هەندێک ئەرک و ڕەفتار بەسەریاندا بەشێوەیەکی ڕێپێنەدراو) (بوردیو، 1994، ص.44).

**1) تیۆری تێکشکانی ڕەوشتی:**

ئەم تیۆرە ئاماژە بەوە دەکات کە توندوتیژی ڕەمزی لەو دامەزراوە فێرکاری و کۆمەڵایەتیانەدا دەردەکەوێت کە لە کۆمەڵگایەکدان بەدەست تێکشکان و لەناوچوونی سیستەمی ڕەوشتییەوە دەناڵێنن، بۆیە لە ڕوانگەی ئەم تیۆرەوە کاتێک پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکان لە نێوان تاکەکاندا وندەبێت و ئادگارەکانی ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ نامێنێت، خۆسەپاندنی هەندێک لە پێکهاتە و چینەکانی کۆمەڵگا، باڵدەکێشێت بۆ خورانەوەی بەها کۆمەڵایەتییەکان و لەناوچوونی ئەو پەیوەندە ڕەوشتییانەی کە جەخت لەسەر خۆشەویستی و لێبووردەیی و پێکەوەژیان دەکەنەوە، ئەمەش دەرفەت بە دەرکەوتنی توندوتیژی ڕەمزی وەکو چەشنێک لە توندوتیژییەکی ڕەوا دەدات (عاید، 2016، ص344-345).

**2) تیۆری شکۆی کۆمەڵایەتی:**

ئەم تیۆرە لە لایەن هەریەک لە (Jim Sidanius & Felicia Pratto, 1999)هوە پێشکەشکرا کە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە توندوتیژی ڕەمزی لای تاکەکان لەناو پێکهاتە (کۆمەڵایەتی، پیشەیی، فێرکاری و هتد) دەدات کە پلەی باڵایان هەیە و خۆیان شکۆدارتر لەوانی تر دەبینن، بەجۆرێک ئەو کەسانەی لەناو ئەو کۆمەڵانەدان پەنا بۆ بەکارهێنانی توندوتیژی ڕەمزی دەبەن وەکو ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی ئامانج و بەرژەوەندییەکانیان لە ڕێگەی سەپاندنی دەسەڵاتەکانیان بەسەر کۆمەڵەکانی تردا. بۆیە توندوتیژی ڕەمزی بەرگری لە دەسەڵاتی کۆمەڵە زاڵەکان و پارێزگاری لە پێگە و هێز و بەها کۆمەڵایەتییەکانیان دەکات، بەمەش توندوتیژی سێ ئەرکی سەرەکی بەجێدەهێنێت، ئەوانیش:

أ. ئامرازێکە کە پارێزگاری لە تاکەکان لە کاتی ڕکابەرییان لەگەڵ ئەوانی تردا دەکات.

ب. پارێزگاری لە دەسەڵاتی تاکەکان و پێگە کۆمەڵایەتییەکانیان دەکات.

ت. پێداویستی کۆمەڵە باڵاکان تێردەکات لە ڕێگەی خۆسەپاندنیان بەسەر ئەوانی تردا (عاید، 2016، ص345).

**دووەم: کوالیتی فێربوون (Quality of Learning):**

کوالیتی فێربوون لە تەواوی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا یەکێکە لەو ڕەهەندانەی لە سەردەمی ئێستادا لەلایەن ئەو کەسانەی کە پەیوەستن پێوەی گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت (الظالمي وآخرون، 2012، ص.150). وەکو نموونەیەکی گرنگ و بەرچاوی کێبڕکێ دادەندرێت، هەروەک یەکێکە لەو لایەنە گرنگانەی کە بەهۆی

پێشکەوتنی خێرای دەرئەنجامی ئاماژەکانی ژینگەی دەوروبەر پێشکەوتنی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت. وشەی کوالیتیش وەکو چەمک مەبەست لێی سروشتی شت یان کەس یان گونجانێتی، کە هەمیشە بە مانای باشترو نایابتر نایات، بەڵکو بریتییە لە چەمکێکی ڕێژەیی و ڕوانین لێی جیاواز دەبێت بەهۆی جیاوازی ئەو لایەنەی لێی سوودمەند دەبێت جا سوودمەندبووان بەشداربووانی پرۆسەکە، کۆمەڵگە، دەمەزراوەکە یان هەر لایەنێکی تر بێت (آل رفعة، 2015، ص.126).

لەم بوارەشدا خوێندنی زانکۆ چانسێکی زۆری ئەم گرنگی پێدانەی لە زۆربەی کۆمەڵگە پێشکەوتوو و تازە گەشەسەندووەکاندا بەرکەوتووە، بەجۆرێک خوێندنی زانکۆ بە ترۆپکی هەرەمی فێرکاری دادەنرێت. گرنگی ئەم قۆناغەی خوێندنیش تەنها بەهۆی ئەوە نیە کە کۆتا قۆناغی سیستەمی فێرکارییە، بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی ئەو گەشە بەهایی و کوولتورییە دەگەڕێتەوە کە کاریگردۆتە سەر سیستەم و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی لە ڕووی پێشکەوتن و جێگیرییەوە، هەروەک بواری خوێندنی باڵا یەکێکە لەو بوارە زیندوو و کارایانەی لە گەشەی ئابووری وڵات و گەشەپێدانی توانا مرۆییەکان بەشدارە، تا ئەو ئاستەی کە خوێندنی باڵا بووەتە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕێڕەوی گەشەی گشتی، ئەمەش بەهۆی نمایندەکردنییەوە بۆ ئامادەکردنی چوارچێوە فکری و زانستی و پیشەییەکان بۆ تەواوی دامەزراوەکانی کۆمەڵگە، سەرەڕای بینینی ڕۆڵی سەرەکی لە گەیشتن بە مەعریفە و گەشەپێدانی و بەکارهێنانی و ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و خزمەتکردنی گشتی کۆمەڵگە (اتحاد الجامعات العربیة، 2017، ص.8).

لە ماوەی (٢٠) ساڵی رابردووشدا لە بیاڤی خوێندنی باڵادا گەنگەشەیەکی بەرچاو سەبارەت بە واتای چۆنایەتی کوالیتی سەریهەڵداوە و ڕوانگەکان سەبارەت بە واتای کوالیتی و چۆنیەتییەکەی جۆراوجۆرە (Stensaker, 2007, p.100). هەندێ لە توێژینەوەکان جەخت دەکەنە سەر هەڵسەنگاندنی دامەزراوەکان، هەندێکی دیکە جەخت دەکەنە سەر بەراوردکاری و بەشێکی دیکەش گرنگی بە فێربوون دەدەن (witted & Habib, 2013, p.275).

هەروەک چوارچێوەی کوالیتی فێربوونیش بریتییە لە کۆمەڵێك چاوەڕوانی بەهێزی سەبارەت بە فێربوون، شیکردنەوەی زانیارییەکان، پەیوەندی دروستکردن لای خوێندکار کە دەبێتە هۆی بەشداربوونێکی کارای خوێندکار، زاڵبوون بەسەر ناوەڕۆك و بیرکردنەوەی زۆر ڕێکخراو (higher-order thinking) (Albemarle County Public Schools, 2008, p.3).

بۆیە چەمکی کوالیتی فێربوون یەکێکە لەو چەمکانەی کە پێناسەکردن و کۆکردنەوەی لە چوارچێوەیەکی تیۆری دیاریکراودا کارێکی زەحمەتە و ناتوانرێت لە تەنها گۆشەیەکەوە لێی بڕواندرێت، بەڵکو پێویستە گشتگیر بێت و پێویستییەکانی خوێندکار و خێزانەکانیان و دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکان و کۆمەڵگە بەشێوەیەکی گشتی پڕبکاتەوە. بەجۆرێک کە هەندێک لە کوالیتی فێربوون دەڕوانن بەوەی کە بریتییە لەسەرجەم ئەو سیمات و تایبەتمەندییانەی کە بە خزمەتگوزاریە فێرکارییەکانەوە پەیوەستن و لە ڕێگەی ئەو ئامانجانەوە بەدیار دەکەون کە دەویسترێت بەدی بهێندرێن، ئەویش خۆی لە وەرگێڕانی پێداویستی و چاوەڕوانییەکانی خوێندکاران بۆ خەسڵەت و تایبەتمەندی دیاریکراو کە ببێتە بنەمایەک بۆ گشتاندنی خزمەتگوزارییە پەروەردەییەکان و گەیاندنیان بە تەواوی خوێندکاران دەبینێتەوە. واتە بەدەستهێنان و گەیشتن بە چەشنێک لە پەیوەندی بە خوێندکاران بە ئامانجی پێدانی ئەو زانیاری و کارامەیی و ئاراستە پێویست و دروستانەی کە وایان لێدەکات لە ئاستی چاوەڕوانییەکانی چواردەوریاندا بن (عبد الرحمن وآخرون، 2011، ص.4).

هەروەها (عشیبة، 2000) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە کوالیتی فێربوون بریتییە لە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و پێوەر کە پێویستە لە سەرجەم یەکەکانی پرۆسەی فێرکاریدا هەبن، جا پەیوەست بە تێهاویشتە یان کردار یاخود دەرهاویشتەکانی پرۆسەکە بێت، بەچەشنێک پێداویستی و داواکارییەکانی خوێندکاران و کۆمەڵگە پڕبکاتەوە و بەو پێوەرانە بگات لە ڕێگەی بەکارهێنانێکی کارای سەرجەم پێکهاتە ماددی و مرۆییەکانی سیستەمی پەوەردە و فێرکردنەوە (عشیبة، 2000، ص.12).

## پێوەرەکانی کوالیتی فێربوون و ئاماژەکانی:

بەپشتبەستن بەو سەرچاوە و بۆچوون و بەڵگەنامە زانستییانەی لە بواری کوالیتی فێربووندا بەردەستن، دەتوانین بەشێوەکی گشتی پێوەر و ئاماژەکانی کوالیتی فێربوون لە بواری خوێندنی باڵادا (بەدیاریکراوی لە ناوەندی زانکۆ) لەم تەوەرانەی خوارەوەدا کورتبکەینەوە:

**تەوەری یەکەم: پەیام و دونیابینی و ئامانجەکانی:** پێوەر و ئاماژەکانی کوالیتی فێربوون لەم تەوەرەدا خۆی دەبینێتەوە لە ڕوونی و دیاریکراوی پەیام و دونیابینی زانکۆ و گونجاوی و یەکانگیری و یەکترتەواوکردنیان لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانیدا، هەروەها دانان و دیاریکردنی پێشینەیی بۆ ئامانجەکان و کاریگەری لەسەر ڕەوتی پلاندانان لەناو دامەزراوەکەدا.

**تەوەری دووەم: دەسەڵات و دەستەی کارگێری:** لایەنی کارگێری یەکێکە لە جومگە سەرەکییەکانی زانکۆ و ئاماژەکانی کوالیتی تێیدا بریتین لە بوونی ئەنجومەنێکی باڵای زانکۆیی و سەرکردایەتی کردنێکی کارا و یاسایی و دادپەروەرییانەی تەواوی یەکەکانی دامەزراوەکە، بە جۆرێک لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی دامەزراوەکە و تەواوی ستافەکەیدا بێت.

**تەوەری سێیەم: خوێندکار:** خوێندکار بە یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن هەژماردەکرێت و ئاماژەکانی کوالیتی فێربوونی پەیوەست بەم تەوەرە بریتین لە: (وەرگرتنی خوێندکاران، ڕێکخستنی کاروباری خوێندکاران و پێدانی ڕێنمایی پێوەست پێیان، ڕێژەی ژمارەی خوێندکاران بەراورد بە ژمارەی مامۆستایان، ئەو خزمەتگوزارییە تەندروستی و دەروونی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیانەی پێشکەش بە خوێندکاران دەکرێت، میکانیزمەکانی هەڵسەنگاندن و تۆماری نمرە و نەهاتنیان، بەشدارییان لە وانەکان، پاڵنەری ئەکادیمیانەی خوێندکاران و ئامادەیی و ئارەزوویان بۆ فێربوون بە شێوەیەکی کارا و ئاستی دەرچوونیان).

**تەوەری چوارەم: ئەندامانی دەستەی وانەووتنەوە (مامۆستایان):** کوالیتی دەستەی وانەووتنەوە یەکێکە لە فاکتەرە گرنگەکانی کوالیتی فێربوون و ئاماژەکانی کوالیتی فێربوونی پەیوەست بەم تەوەرەش بریتین لە: (ڕێژەی مامۆستایان و توانای وانەبێژییان، ئاستی ئامادەیی و ڕاهێنراوی ئەکادیمییان، بەرهەمی زانستییان لە پەرتووک و توێژینەوە و وتاری زانستی، خۆتەرخانکردنیان بە تەواوی بۆ کاری زانکۆیی و باشکردنی بەردەوامی ئاستی زانستییان، بەشداریکردنیان لە کۆمەڵە زانستی و پیشەییەکان و ڕێزگرتنیان لە خوێندکاران).

**تەوەری پێنجەم: پرۆگرامەکانی خوێندن:** پێویستە پرۆگرامەکانی خوێندن لەگەڵ پێداویستییەکانی ئێستا و داهاتووی خوێنکاران بگونجێت و ڕەچاوی ویست و هیوا و ئامانج و ئامادەگی و ئارەزووەکانیان بکرێت و هاوکاربێت لە بەدەستهێنانی ئەو گۆڕانکارییە ڕەفتارییانەی لێیان دەویسترێت.

**تەوەری شەشەم: خزمەتگوزارییە گشتییەکان:** ئەم تەوەرە بە هاندەرێکی گرنگی بەدەستهێنانی کوالیتی فێربوون دادەنرێت و ئاماژەکانیشی خۆیان دەبیننەوە لە

دەستەبەرکردنی: (پەرتووکخانەیەکی دەوڵەمەند بە سەرچاوەی زانستی فرە بوار و پسپۆڕی، ئامێر و کادیری پسپۆڕ لە بواری پێشکەشکردنی خزماتگوزارییەکانی پەرتووکخانە، پەرتووکخانە و تۆڕی ئەلیکترۆنی پێشکەوتوو کە زانکۆ بە تەواوی یەکەکانی خۆی و زانکۆ جیهانییەکانەوە ببەستێتەوە، هۆڵی خوێندنی گونجاو و سازکراو بە تەواوی پێداوەستییە زانستی و تەکنەلۆژییەکانییەوە، ژوور و نووسینگەی تایبەت بە مامۆستایانی بەستراو بە تۆڕەکانی ئەنتەرنێتەوە، تاقیگەی زانستی پشتبەستوو بە ئامێری پێشکەوتوو، لەگەڵ دابینکردنی چەندین خزمەتگوزاری تەندروستی و یاریگا و چێشتخانە و هۆڵەکانی خوێندن و وەرزش و هتد).

**تەوەری حەوتەم: کوالیتی ئاستی گشتی زانکۆ:** پابەندبوون بە کوالیتی ئاستی گشتی زانکۆ و بەدواداچوونی یەکێکە لەو تەوەرە گرنگانەی کە پێویستە کوالیتی گرنگی پێبدات بە مەرجێک ئەم ڕۆشنبیرییە بە سەرجەم ئەندامانی زانکۆ بگەیەندرێت.

**تەوەری هەشتەم: کوالیتی خزمەتکردنی کۆمەڵگە:** ناتوانرێت دەرچووانی زانکۆ لەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین دابڕدرێن، بۆیە پێویستە گرنگی بەوە بدرێت کە دەرچووان دەتوانن چی بە کۆمەڵگەکەیان ببەخشن، ئەمەش بە مەبەستی بەهێزکردنی پەیوەندی و کارلێککردنی نێوان زانکۆ و کۆمەڵگەی ناوخۆیی و پەیوەستکردنی دەرچووانی زانکۆ بە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی بازاڕی کارەوە.

**تەوەری نۆیەم: بەرنامە فێرکارییە تەکنەلۆژییەکان:** مەبەست لێی ئامادەکردنی خوێندکارە لەڕووی کارامەییە تەکنەلۆژییەکانەوە بەو شێوەیەی دەویسترێت لە کاتی دەرچوونیان لە زانکۆ، بۆیە پێویستە ڕاهێنان و ئامادەسازییەکی باش و کارایان پێبدرێت بەو شێوەیەی پێداویستییەکانی بازاڕی کار لە پسپۆڕی باش و کارامە پڕبکەنەوە.

**تەوەری دەیەم: دیاریکردنی کوالیتی فێربوون بەراورد بە کوالیتی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی:** کوالیتی بە یەکێک لە گرنگترین ئامراز و کەرەستەکانی باشکردنی چۆنییەتی فێربوون و بەرزبوونەوەی بۆ ئاستی توانای سەردەمی نوێ دادەنرێت، بۆیە هەندێک لە بیرمەندان بە ڕوحی مانەوە و بەردەوامی دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکانی دادەنێن و بەراوردکرن و کێبرکێیی ئاستی کوالیتی فێربوون لە دامەزراوە پەروەردەیی و فێرکارییەکاندا بە پێویستییەکی پڕ بایەخی ئەم سەردەمە دەزانن (الهيئة الوطنية للتقويم والاعتماد الاكاديمي، 2009، ص.10) (عبد الرحمن وآخرون، 2011، ص.11-13) (وثيقة معايير ضمان جودة واعتماد مؤسسات التعليم المجتمعي، 2014، ص.30-32) (هيئة واعتماد مؤسسات التعليم العالي، 2015، ص.10-40) (الهيئة القومية لضمان جودة التعليم والاعتماد، 2011، ص.22) (اتحاد الجامعات العربية، 2017، ص.193-205).

بە تێڕوانین و خوێندنەوەی گۆڕاوی کوالیتی فێربوون و ڕەهەند و تەوەرە جیاوازەکانی، دەتوانین بڵێین پێوەرەکانی بەدەستهێنان و فەراهەمکردنی ئەم گۆڕاوە بەشێوەیەکی گشتی خۆیان لە دوو ڕەهەندی سەرەکی (ماددی و مرۆیی)دا دەبیننەوە، هەریەک لەو ڕەهەندانەش چەندین تەوەر و گۆڕاوی لاوەکی تر لەخۆیان دەگرن و پێوانەکردنیان لە چوارچێوەی تەنها توێژینەوەیەکی زانستییدا کارێکی زەحمەت و کەمتر زاستی دەبێت، ئەمەش وایکردووە کەمترین توێژینەوەی لەبارەوە بکرێت و توێژەران کەمتر بوێری خۆلەقەرەدانی وەها گۆڕاوێکیان ببێت، بە تایبەتیش لە بوارە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان.

هەربۆیە توێژەران لەم توێژینەوەیەدا لە سۆنگەی پەیپێبردنیان بە فراوانی و فرە ڕەهەندی بابەتی کوالیتی فێربوون، سنووری کاری توێژینەوەکەیان لە ڕووی تیۆریی و پراکتیکییەوە لە پێناو بەدەستهێنانی ئەنجامی ورد و دروستکردنی پەیوەندییەکی لۆژیکی و زانستیتر لەگەڵ گۆڕاوی توندوتیژی ڕەمزیدا پەیوەست دەکەن بە ڕەهەندە مرۆییەکانی گۆڕاوی کوالیتی فێربوونەوە کە خۆیان لە ئامادەبوون و بەشداری خوێندکاران بە کارایی لە وانەکان و پەیوەندییان لەگەڵ مامۆستایان و تێڕوانینیان بۆ بەهای خوێندن و ویست و ئارەزوو و پاڵنەر و ئامادەییان بۆ فێربوون و بەشدارییەکی کارایان لە پرۆسەی فێربووندا دەبیننەوە و ڕەهەندەکانی تری گۆڕاوەکە بۆ توێژەرانی تر لێدەگەڕێن بە ئومێدی ئەوەی لە داهاتوودا توێژینەوەیان لە بارەوە ئەنجام بدرێت.

## میتۆدی توێژینەوەکە و لایەنە کردارییەکانی:

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** میتۆدی توێژینەوەکە وەسفی شیکارییە کە بە شێوەی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی جێبەجێکراوە.

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای توێژینەوەکە بریتییە لە خوێندکارانی بەیانیان لە هەر چوار فاکەڵتی ئەندازیاری، زانست و تەندروستی، پەروەردە و زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی کۆیە هەروەک لە خشتەی ژمارە (1) ڕوونکراوەتەوە.

خشتەی ژمارە (1) کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| فاکەڵتی | ڕەگەز | | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | |
| ئەندازیاری | 421 | 481 | 902 |
| زانست و تەندروستی | 298 | 511 | 809 |
| پەروەردە | 683 | 978 | 1661 |
| زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان | 471 | 348 | 819 |
| کۆی گشتی | 1873 | 2318 | 4191 |
| ژمارەی خوێندکارانی ئێواران | 632 | | |
| ژمارەی خوێندکارانی بەیانیان | 3559 | | |

**سێیەم: نموونەی توێژینەوەکە:**

نموونەی توێژینەوەکە هەڕەمەکی چینایەتییە کە هەوڵدراوە خوێندکارانی زانکۆ بەشێوەیەکی گونجاو لە هەر دوو ڕەگەزی نێرو مێ، بەشە زانستی و مرۆڤایەتییەکان و خوێندکارانی نیشتەجێی بەشە ناوخۆییەکان و دەرەوەی بەشە ناوخۆییەکان بە ڕێژەیەکی گونجاو تێیدا بەشداربن. بۆ ئەم مەبەستە (329) خوێندکار وەکو نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون، کە لەم ڕێژەیە (45.3%)ی نموونەکە لە ڕەگەزی نێر و (54.7%) لە ڕەگەزی مێ بوون. لە پەیوەندیی لەگەڵ بواری خوێندندا (58.1%)ی بەشدارانی نموونەکە لە بەشە مرۆڤایەتییەکان و (41.9%) لە بەشە زانستییەکانن. هەروەها (48.6%)ی نموونەکە نیشتەجێی بەشە ناوخۆییەکان بوون و (51.4%) لە دەرەوەی بەشە ناوخۆییەکان بوون.

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:**

ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری لەم توێژینەوەیەدا بریتییە لە فۆرمی ڕاپرسی کە لە دوو پێوەر پێکهاتووە و هەردوو پێوەرەکەش لەلایەن توێژەرانەوە بە پشتبەستن بە ئەدەبیات و لێکۆڵینەوەکانی پێشووتر ئامادەکراوە. پێوەری یەکەم تایبەتە بە توندوتیژی ڕەمزی کە بەشێوە سەرەتاییەکەی لە (34) بڕگە پێکهاتووە و بەسەر سێ وردە پێوەر (Sub-Scale) دابەشکراوە کە بریتین لە: توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکار (8) بڕگە، توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا (16) بڕگە و توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی زانکۆ (10) بڕگە. پێوەری دووەم تەرخانکراوە بۆ ڕەهەندی

مرۆیی كوالیتی فێربوون كە بەشێوە سەرەتاییەكەی لە (32) برگە پێكهاتووە و بەسەر چوار وردە پێوەر (Sub-Scale)دا دابەشبوون كە بریتین لە: بەشداری لە وانەكان (8) برگە، بەهای خوێندن (8) برگە، پاڵنەری ئەكادیمی (8) برگە و فێربوونی كارا (8) برگە. توێژەران بۆ دیاریكردنی وەڵامی برگەكان پشتیان بە ڕێگەی (لیكرت)ی (5) پێنج وەڵامی 5 – Point Scale بەستووە.

## ڕاستییەتی و جێگیری (Validity & Reliability):

بە مەبەستی دەرهێنانی ڕاستییەتی پێوەرەكان، توێژەران سوودیان لە ڕاستییەتی رووكەش یاخود ڕاستییەتی شارەزایان بینیوە، ئەویش بە پێدانی هەردوو پێوەرەكە بە (8) پسپۆڕ و شارەزای بوارە دەروونی و كۆمەڵایەتییەكان لە نازناوی زانستی بەرز. ئەنجامی ڕای شارەزایان بە تەواوی لە خشتەی ژمارە (2) دا خراوەتەڕوو. كە تێیدا تەنها برگەی (3) لە وردە پێوەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن مامۆستا و برگەی (7) لە وردە پێوەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن كارگێڕی ڕەزامەندی زۆرینەی پسپۆڕان و شارەزایانیان بەدەستنەهێنا و دوورخرانەوە، بەڵام تەواوی برگەكانی تری هەردوو پێوەرەكە مانەوە، كە چەند برگەیەكیان تەنها ڕێككاری و دووبارە داڕشتنەوەیان پێویست بوو. .هەروەها سوودمان لە "شیكردنەوەی فاكتەری تەئكیدی" ( CFI confirmatory factor analysis) وەرگرت كە لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو. بە چەشنێك كە بەهای (CFI=0.909) كە ئەمەش بە ئاستێكی زۆر بەرز لە ڕاستییەتی ئەژمار دەكرێت.

خشتەی ژمارە (2): ڕاستكۆیی ڕووكەشی پێوەرەكان ڕوونەدەكاتەوە

| ناوی پێوەر | | شارەزایانی ڕازی | | شارەزایانی ناڕازی | |
|---|---|---|---|---|---|
| | | ژمارە | ڕێژەی سەددی | ژمارە | ڕێژەی سەددی |
| پێوەری توندوتیژی ڕەمزی | | | | | |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن خوێندكاران | 1، 3، 4، 5، 6، 8 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| | 2، 7 | 6 | %75 | 2 | %25 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن مامۆستا | 1، 2، 4، 5، 6، 7، 8، 9، 10، 11، 12، 13، 14، 15، 16 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| | 3 | 3 | %37.5 | 5 | %62.5 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن كارگێڕی | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 8، 9، 10 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| | 7 | 4 | %50 | 4 | %50 |
| پێوەری كوالیتی فێربوون | | | | | |
| بەشداری لە وانەكان | 1، 2، 4، 5، 6، 7 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| | 3، 8 | 7 | %87.5 | 1 | %12.5 |
| بەهای خوێندن | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| پاڵنەری ئەكادیمی | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8 | 8 | %100 | 0 | %0 |
| | 4، 5 | 7 | %87.5 | 1 | %12.5 |
| فێربوونی كارا | 1، 2، 3، 4، 5، 6، 7، 8 | 8 | %100 | 0 | %0 |

هەروەها بە مەبەستی دەرهێنانی جێگیری پێوەرەكان توێژەران سوودیان لە ڕێگە و شێوازی ئەلفا كرۆنباخ وەرگرتووە بە مەبەستی تێگەیشتن لە گونجانی نێوخۆیی تەوەرەكان. وەكو خشتەكانی ژمارە (3) و (4) نیشانی دەدەن، كە گونجانی نێوخۆیی پێوەرەكان لە ئاستێكی باشدایە. بەڵام پێویست بە ئاماژەیە كە لە پێوەری كوالیتی فێربووندا لە وردە پێوەری بەهای خوێندن برگەی (1) و لە بەشداری لە وانەكان برگەی (5) سڕایەوە.

خشتەی ژمارە (3): گونجانی نێوخۆیی برگەكانی پێوەری توندوتیژی هێمای ڕوونەدەكاتەوە

| ناوی پێوەر | بەهای ئەلفا كرۆنباخ | ژمارەی برگە | برگەی سڕاوە |
|---|---|---|---|
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن خوێندكاران | 0.802 | 8 | - |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن مامۆستا | 0.866 | 15 | - |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەكراو لەلایەن كارگێڕی | 0.861 | 9 | - |

خشتەی ژمارە (4): گونجانی نێوخۆیی برگەكانی پێوەری كوالیتی فێربوون ڕوونەدەكاتەوە

| ناوی پێوەر | بەهای ئەلفا كرۆنباخ | ژمارەی برگە | برگەی سڕاوە |
|---|---|---|---|
| بەشداری لە وانەكان | 0.662 | 7 | 5 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| بەهای خوێندن | 8.19 | 7 | 1 |
| پاڵنەری ئەکادیمی | 0.864 | 8 | - |
| فێربوونی کارا | 0.903 | 9 | - |

توێژەران هەر بە مەبەستی دڵنیابوون لە ڕاستییەتی مۆدیلەکە پێوەرەکانی "گونجاوبوونی فیت" (Goodness- of- Fit)یان لەسەر مۆدیلەکەیان جێبەجێکرد. بۆ گەیشتن بە ئاستێکی باش لە گونجاوبوونی مۆدیلەکە ئەو بڕگانەی کە بارستاییەکی کەمیان لەسەر تەوەرەکەی خۆیان هەبوو سڕانەوە. لە پێوەری توندوتیژی ڕەمزی بڕگەکانی (1، 3، 8) لە وردە پێوەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران، بڕگەکانی (3، 8، 12) لە وردە پێوەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا و بڕگەکانی (5، 8، 9) لە وردە پێوەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی سڕانەوە. سەبارەت بە پێوەری کوالیتی فێربوون بڕگەکانی (1، 6) لە وردە پێوەری بەشداری لەوانەکان، بڕگەی (4) لە وردە پێوەری بەهای خوێندن و بڕگەکانی (7، 8) لە وردە پێوەری پاڵنەری ئەکادیمی سڕانەوە. بەم شێوەیە مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکەمان مەرجەکانی گونجاوبوونی فیتی بەدەست هێنا و مەرجە پێویستەکانی تێدایە و دەتوانین پشت بە داتاکانی ببەستین. کە ئەنجامەکانی لە خشتەی ژمارە (5)دا ڕوونکراونەتەوە.

خشتەی ژمارە (5): نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدیلەکە ڕووندەکاتەوە

| نیشاندەر | بەهای داواکراو | بەهای مۆدیل | دۆخی مۆدیل |
|---|---|---|---|
| X2 (Chi square) | P-value> 0.05 | - | - |
| CMIN\DF | <5.0 | 1.600 | زۆرباشە |
| GFI(goodness of fit index) | >0.90 | 0.829 | گونجاوە |
| CFI (confirmatory factor analysis) | >0.90 | 0.909 | زۆرباشە |
| RMSEA (Root Mean Square Error of Approximation) | <0.08 | 0.043 | زۆرباشە |
| **1)** NFI (Normed fit index) | >0.90 | 0.792 | لاوازە |
| RFI(parsimony normed fit index) | >0.90 | 0.777 | لاوازە |
| IFI (Incremental Fit Index) | >0.90 | 0.910 | زۆرباشە |
| PNFI (parsimony normed fit index ) | >0.5 | 0.741 | زۆرباشە |
| PCFI (parsimony comparative fit index ) | >0.5 | 0.850 | زۆرباشە |
| PCLOSE | >0.05 | 0.999 | زۆرباشە |
| AGFI (Adjusted Goodness of Fit Index) | >0.80 | 0.809 | زۆرباشە |

بەمەش دوای دەرهێنانی ڕاستگۆیی و جێگیری پێوەرەکان و نیشاندەرەکانی گونجاوبوونی مۆدیلەکە، پێوەری توندوتیژی ڕەمزی (25) بڕگە و کوالیتی فێربوون (25) بڕگەی مایەوە وهەردوو پێوەرەکە ئامادە و شیاوبوون بۆ جێبەجێکردن.

**پێنجەم: کەرەستە ئامارییەکانی توێژینەوەکە:**

کەرەستەی ئاماریی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە مۆدیلسازی هاوکێشەی بونیادی (Structural Equation Modeling-SEM)کە بە پرۆگرامی ( AMOS – Analysis of Moment Structures) ناسراوە جێبەجێ کراوە. مۆدێلی هاوکێشەی بونیادی شێوازێکی شیکارکردنی چەند گۆڕاوی گشتگیرە لە ڕەچەڵەکی ڕگرسیۆنی چەند گۆڕاوی، بە دەربڕینێکی وردتر پەرەپێدراوی مۆدیلی هێڵییە (Liner) کە دەرفەتی ئەوە بۆ توێژەر دەڕەخسێنێ تاکو هاوکات کۆمەڵێ لە هاوکێشە ڕگرسیونییەکان جێبەجێ بکات (Hooman, 2009, p.11). بە واتایەکی دیکە (SEM) لایەنە باشەکانی شیکردنەوەی ڕێگە (path analysis)، شیکردنەوەی فاکتەری (factor analysis) و ڕگرسیونی چەند لایەنە (regression analysis) لەخۆ دەگرێت. ( Castor & Borgvall, 2018, p.8). هەروەها سوود لە بەرنامەی هەگبەی ئاماری زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ناسراو بە (SPSS) وەرگیراوە بۆ تاقیکردنەوەکانی (t) و ئەلفای کرۆنباخ.

**خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و شیکردنەوەیان:**

**ئامانجی یەکەم: ئاستی توندوتیژی ڕەمزی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە:**

بە مەبەستی پێوانەکردنی توندوتیژی ڕەمزی سوودمان لە تاقیکردنەوەی (one-sample t-test) وەرگرت هەروەک لە خشتەی ژمارە (6) دەردەکەوێت کە لە هەر سێ ئاستدا بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (328) و ئاستی بەڵگەداری (0.05)، هەروەها (P-value<0.05)، بۆیە جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی توێژینەوەکە لەگەڵ ناوەندی گریمانەیی، بەسەرنجدان لەوەی کە ناوەندی ژمێرەیی توێژینەوەکە گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە بەشدارانی نموونەکە هەست بە بوونی توندوتیژی ڕەمزی لای مامۆستایان، لایەنی کارگێڕی و خوێندکارانی هاوڕێیان دەکەن. بەڵام بەسەرنجدان لەوەی کە جیاوازیی ناوەندەکان لە هەر سێ بوارەکەدا بچوکترە لە (1)، دەتوانین بڵێین کە ئەم جۆرە لە هەستکردن بە توندوتیژی لە ئاستێکی بەهێزدا نییە و بەشێوەیەکی لاواز هەستی پێدەکرێت

خشتەی ژمارە (6): تاقیکردنەوەی (t) یەك نموونەیی بۆ پێوەری توندوتیژی ڕەمزی ڕووندەکاتەوە

| توندوتیژی ڕەمزی | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | P-Value | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | | |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران | 18.650 | 18.00 | 0.650 | 5.342 | 2.250 | 1.968 | 0.025 | بەڵگەدارە |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا | 31.805 | 30.00 | 0.805 | 9.319 | 3.520 | 1.968 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی | 19.085 | 18.00 | 0.085 | 5.779 | 3.394 | 1.968 | 0.001 | بەڵگەدارە |

**N= 329 DF=328**

**ئامانجی دووەم: ئاستی کوالیتی فێربوون لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە:**

به مەبەستی هەڵسەنگاندنی پێوەرە مرۆییەکانی کوالیتی فێربوون لای خوێندکاران کە بریتیین لە (بەشداری لە وانەکان، بەهای خوێندن، پاڵنەری ئەکادیمی و فێربوونی کارا)، توێژەران سوودیان لە تاقیکردنەوەی (one-sample t-test) وەرگرت. ئەنجامەکان تاقیکردنەوەکە نیشان دەدات کە لە هەر چوار وردە پێوەرەکەدا بەهای (t) دەرهێنراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی، بە نمرەی ئازادی (328) و ئاستی بەڵگەداری (0.05). بەڵام لە پێوەری بەشداری لە وانەکاندا ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنراو (13.474) بچوکترە لە ناوەندی گریمانەیی (15)، بۆیە دەتوانین بڵێین کە بەشداری لە وانەکان کەمترە لە ئاستی ناوەند، بۆیە بە کوالیتی فێربوون لەم بوارەدا بە ئاستێکی لاواز دادەنرێت. بەڵام لە وردە پێوەرەکانی دیکەدا ناوەندی ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندی گریمانەیی، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە کوالیتی فێربوون لە بەهای خوێندن، پاڵنەری ئەکادیمی و فێربوونی کارا لای خوێندکاران بوونی هەیە.

خشتەی ژمارە (7): کوالیتی فێربوونی لای خوێندکارانی زانکۆی کۆیە ڕووندەکاتەوە

| کوالیتی فێربوون | ناوەندی ژمێرەیی | ناوەندی گریمانەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەری | بەهای (t) | | p-value | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | | |
| بەشداری لە وانەکان | 13.474 | 15 | -1.525 | 4.840 | 5.717 | 1.968 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| بەهای خوێندن | 19.930 | 18.00 | 1.930 | 5.823 | 6.012 | 1.968 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| پاڵنەری ئەکادیمی | 23.145 | 18.00 | 5.145 | 5.897 | 15.827 | 1.968 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| فێربوونی کارا | 28.167 | 24.00 | 4.167 | 7.400 | 10.214 | 1.968 | 0.000 | بەڵگەدارە |

**N= 329 DF= 328**

**ئامانجی سێیەم: پەیوەندی توندوتیژی ڕەمزی و کوالیتی فێربوون:**

به مەبەستی دەرخستنی پەیوەندی نێوان توندوتیژی ڕەمزی و کوالیتی فێربوون لە چەشنی کاریگەری، سوودمان لە بەرنامەی (Amos) وەرگرت تاکو مۆدیلێکی تیۆری بۆ توێژینەوەکە بخەینەڕوو و کاریگەرییەکان دەست نیشان بکەین. (وێنەی ژمارە -1- مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە). وەکو لە خشتەی ژمارە (8)یشدا ڕوونکراوەتەوە:

أ. توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران نیشان دەدەن کە هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر بەشداریکردنی خوێندکاران لە وانەکان دروست نەکردووە، ئەمەش بەسەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05). بەڵام بە بڕی (0.303-) لادانی پێوەری کاریگەرییان لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی هەیە، بەچەشنێك کە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران، ئەوە بڕی (0.303-) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە پاڵنەری ئەکادیمی ڕوودەدات و پێچەوانەکەشی ڕاستە، واتە بە کەمبوونەوەی هەر لادانێکی پێوەری لە توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران ئەوە بڕی (0.303-) لادانی پێوەری بەرزبوونەوە لە پاڵنەری ئەکادیمی ڕوودەدات. هەروەها توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران بەشێوەیەکی بەڵگەدار (P-value=0.000) کاریگەری هەیە لەسەر فێربوونی کارا بە بڕی (0.516-) لادانی پێوەری کاریگەری لەسەر فێربوونی کارا هەیە. ئەم کاریگەرییە لە شێوەی پێچەوانەیە، بەچەشنێك کە بە


زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە تونـدوتیژی ڕەمزی پیـادەکراو لەلایـەن خوێنـدکاران، ئەوە بڕی (0.516-) لادانی پێوەری کەمبوونەوە لە فێربوونی کارا ڕوودەدات و پێچەوانەکەشی ڕاســـتە. بە هەمان شـــێوەی بە بڕی (-0.361) لادانی پێوەری کاریگەری لەســـەر بەهـای خوێنـدن هەیە کە کاریگەرییەکە بەشێوەیەکی پێچەوانەیە.

ب. توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆســـتایان بەشـــێوەیەکی پێچەوانە کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەســـەر بەشـــداری لە وانەکان هەیە کە بڕی (-0.387) لادانی پێوەرییە. بە واتایەکی دیکە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری لە توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستایان، بڕی (0.387-) لادانی پێوەری دابەزین لە بەشـــداریکردن لە وانەکان لای خوێنـدکاران دروســـت دەبێـت و پێچەوانەکەشی ڕاســـتە. بەڵام هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەســەر پاڵنەری ئەکادیمی، فێربوونی کارا و بەهای خوێندن نییە، ئەمەش بە سەرنجدان لەوەی کە (P-Value>0.05).

ت. لە پەیوەندی لەگەڵ کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەســـەر کوالیتی فێربوون، وەك خشـــتەی خوارەوە نیشـــانی دەدات هیچ کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەســـەر هیچ یەك لە وردە پێوەرەکانی کوالیتی فێربوون (بەشداری لە وانەکان، بەهای خوێندن، پاڵنەری ئەکادیمی، فێربوونی کارا) نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە (P-Value>0.05).

خشتەی ژمارە (8): کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی لەسەر کوالیتی فێربوون ڕووندەکاتەوە

| Total Effect | | کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتوو |
|---|---|---|
| P-Value | بڕی کاریگەری | |
| 0.413 | 0.060 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەشداری لە وانەکان |
| 0.001 | -0.303 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی |
| 0.000 | -0.516 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر فێربوونی کارا |
| 0.001 | -0.361 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەهای خوێندن |
| 0.002 | -0.387 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەشداری لە وانەکان |
| 0.815 | -0.030 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی |
| 0.217 | -0.137 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر فێربوونی کارا |
| 0.639 | -0.055 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەهای خوێندن |
| 0.062 | -0.223 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداری لە وانەکان |
| 0.352 | 0.118 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی |
| 0.239 | 0.145 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر فێربوونی کارا |
| 0.522 | -0.074 | کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن ڕەمزی کارگێڕی لەسەر بەهای خوێندن |




وێنەی ژمارە (١): مۆدیلی تیۆری توێژینەوەکە روون دەکاتەوە – لەلایەن توێژەرانەوە

توێژەران بە مەبەستی وردبوونەوەی زیاتر لە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە و بەسەرنجدان بە ڕەهەندی تیۆری توێژینەوەکە، گۆڕاوی (بەهای خوێندن)یان وەکو گۆڕاوی "نێوەندگیر" (Mediation) لە بەرچاوگرت، تاکو بزانن ئایا کاریگەریی وردەپێوەرەکانی توندوتیژی ڕەمزی لەسەر وردە پێوەرەکانی کوالیتی فێربوون بەشێوەی ڕاستەوخۆ (indirect effect)، بەشەکی ( partial mediation) یان ناڕاستەوخۆ (indirect effect)یە. بۆ ئەم مەبەستە بە سوود وەرگرتن لە میتۆدی بوتستراپ (Bootstrap) ژمارەی سامپڵەکانمان بۆ (2000) سامپڵ بەرزکردەوە کە وەکو خشتەی ژمارە (9) ڕوونیدەکاتەوە ئەنجامەکان بەم شێوەیەی خوارەوەن:

1. توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران بەشێوەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان نەبوو، بەڵام پاش زیادکردنی نێوەندگیری بەهای خوێندن، دەرکەوت کە بەشێوەی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگای بەهای خوێندنەوەی (0.073-) لادانی پێوەری کاریگەری پێچەوانەی لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان هەیە، بە واتایەکی دیکە بە زیادبوونی هەر لادانێکی پێوەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران، ئەوە بڕی (0.073-) لادانی پێوەری دابەزین لە بەشداریکردنی خوێندکاران لە وانەکان ڕوودەدات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەم شێوەیە بە دەردەکەوێت کە جۆری کاریگەرییەکە ناڕاستەوخۆ (indirect effect)یە، واتە لە ڕێگەی بەهای خوێندنەوەیە.
2. سەبارەت بە کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی، وەکو لە خشتەی ژمارە(8)دا دەردەکەوێت، بە بێ نێوەندگیر کاریگەری بەڵگەداری هەبوو. خشتەی ژمارە (9) نیشانی دەدات کە پاش زیادکردنی نێوەندگیریش کاریگەرییەکی بەڵگەداری ڕاستەوخۆی هەیە بە بڕی (0.303-) لادانی پێوەری، لە هەمان کاتیشدا کاریگەرییەکی بەڵگەداری ناڕاستەوخۆی هەیە بە بڕی (0.240-) لادانی پێوەری (P-value<0.05)، بەم شێوەیە بەو ئەنجامە دەگەین کە نێوەندگیرییەکی بەشەکی (partial mediation) بوونی هەیە.
3. بە هەمان شێوەی سەرەوە، پەیوەندی توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران بە فێربوونی کاراوە، بەشێوەی نێوەندگیری بەشەکییە، واتە پێش زیادکردنی نێوەندگیر و پاش زیاد کردنی (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو هەیە.
4. سەبارەت بە کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەشداری لە وانەکان، وەکو خشتەی ژمارە (8) نیشانی دەدات بە بێ

زیادکردنی گۆڕاوی نێوەندگیر، کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو هەیە، هەروەها پاش زیادکردنی گۆڕاوی نێوەندگیر، وەکو لە خشتەی ژمارە (9)دا دەردەکەوێت، بەشێوەی ڕاستەوخۆ بە بڕی (-0.387) لادانی پێوەری کاریگەرییەکی بەڵگەداری لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو هەیە، بەڵام بەشێوەی ناڕاستەوخۆ کاریگەری بەڵگەداری لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو هەیە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە لەم تەوەرەدا کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ (Direct effect) بوونی هەیە.

5. سەبارەت بە کاریگەریی گۆڕاوە سەربەخۆکانی دیکە لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو (توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی و فێربوونی کارا ـــــ توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداری لەوانەکان، پاڵنەری ئەکادیمی و فێربوونی کارا)، وەکو لە خشتەی ژمارە (9)دا دەبیندرێت، هیچ چەشنە کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە بوون یان نەبوونی گۆڕاوی نێوەندگیر بوونی نییە.

خشتەی ژمارە (9): ڕۆڵی نێوەندگیری بەهای خوێندن لەسەر ئەنجامەکان ڕووندەکاتەوە

| کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتوو | Total Effect | | Direct Effect | | Indirect Effect | | جۆری کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | بڕی کاریگەری | P-value | بڕی کاریگەری | P-value | بڕی کاریگەری | P-value | |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.060 | 0.413 | 0.067 | 0.460 | -0.073 | 0.015 | Indirect Effect |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | -0.303 | 0.001 | -0.303 | 0.006 | -0.240 | 0.000 | Partial Mediation |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر فێربوونی کارا | -0.516 | 0.000 | -0.516 | 0.001 | -0.211 | 0.000 | Partial Mediation |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.387 | 0.002 | -0.387 | 0.010 | -0.011 | 0.539 | Direct Effect |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | -0.030 | 0.815 | 0.030 | 0.824 | -0.036 | 0.658 | No |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر فێربوونی کارا | -0.137 | 0.217 | -0.137 | 0.456 | -0.032 | 0.653 | No |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.223 | 0.062 | -0.223 | 0.182 | -0.015 | 0.489 | No |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.118 | 0.352 | 0.118 | 0.463 | -0.049 | 0.622 | No |
| کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر فێربوونی کارا | 0.145 | 0.239 | 0.145 | 0.401 | -0.043 | 0.594 | No |

**ئامانجی چوارەم: دەرخستنی ڕۆڵی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (ڕەگەز، پسپۆڕی و مانەوە یان نەمانەوە لە بەشە ناوخۆییەکان) لەسەر پەیوەندییەکە.**

خشتەی ژمارە (10) جیاوازیی نێوان هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ ڕووندەکاتەوە لەو کاریگەرییەی کە لە کاریگەری وردەپێوەرەکانی توندوتیژی ڕەمزی لەسەر کوالیتی فێربوون هەیانە. وەکو لە خشتەکە دەردەکەوێت لە هیچ یەك لە کاریگەرییەکاندا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) دا بەدیناکرێت. بەڵام لە ئاستی بەڵگەداری (0.10) جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە کاریگەری توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان، بە چەشنێك کە لە پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی نێردا بڕی کاریگەرییەکە بەڵگەدارە (-0.514) بە لادانی پێوەری (P-value=0.020)، بەڵام سەبارەت ڕەگەزی مێ، کاریگەرییەکی بەڵگەدار بوونی نییە، ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بە (P-value=0.997) گەورەترە لە ئاستی بەڵگەداری توێژینەوەکە کە (0.05)ە. هەروەها سەبارەت بە کاریگەری بەهای خوێندن لەسەر فێربوونی کارا، وەکو دەبیندرێت جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان ڕەگەزی نێر و مێ لە ئاستی بەڵگەداری (0.10).

خشتەی ژمارە (10): ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لە دروستکردنی جیاوازی لە کاریگەرییەکان ڕووندەکاتەوە

| جۆری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتوو | نێر | | مێ | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | Estimate | P | Estimate | P | |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەهای خوێندن | -0.215 | 0.247 | 0.059 | 0.716 | 1.110 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەهای خوێندن | -0.336 | 0.012 | -0.429 | 0.000 | -0.519 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەهای خوێندن | 0.124 | 0.571 | -0.198 | 0.179 | -1.220 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.024 | 0.869 | 0.026 | 0.793 | 0.016 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | -0.164 | 0.236 | -0.437 | 0.001 | -1.416 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر فێربوونی کارا | -0.429 | 0.006 | -0.602 | 0.000 | -0.833 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.514 | 0.020 | 0.001 | 0.997 | 1.939* |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.084 | 0.735 | -0.530 | 0.001 | -1.505 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | -0.062 | 0.792 | -0.144 | 0.371 | -0.291 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر فێربوونی کارا | -0.209 | 0.399 | -0.187 | 0.198 | 0.075 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.118 | 0.549 | 0.279 | 0.119 | 0.603 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر فێربوونی کارا | 0.184 | 0.378 | 0.224 | 0.164 | 0.152 |
| بەهای خوێندن لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.195 | 0.099 | 0.155 | 0.104 | -0.266 |
| بەهای خوێندن لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.754 | 0.000 | 0.520 | 0.000 | -1.216 |
| بەهای خوێندن لەسەر فێربوونی کارا | 0.747 | 0.000 | 0.400 | 0.000 | -1.881* |

***P-value<0.1**

سەبارەت بە جیاوازیی نێوان ئەو خوێندکارانەی کە لە بەشە ناوخۆییەکان دەمێننەوە لەگەڵ ئەو خوێندکارانەی کە لە بەشە ناوخۆییەکان نامێننەوە، شیکردنەوەی داتاکان نیشان دەدات کە تەنها لە کاریگەری بەهای خوێندن لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە بە ئاستی بەڵگەداری (0.01)، بە چەشنێك لای ئەو خوێندکارانەی کە لە بەشە ناوخۆییەکان دەمێننەوە بەهای خوێندن زیاتر کاریگەری دەکاتە سەر بەشداریکردن لە وانەکان، هەرچەند کە لە هەر دوو گرووپەکەدا کاریگەرییەکی ڕاستەوانەی بەڵگەدار بوونی هەیە، واتە هەرچی بەهای خوێندن لای خوێندکار زیاد بکات، ئاستی بەشداریکردنی لە وانەکانیش زیاد دەکات و پێچەوانەکەشی ڕاستە. بەڵام سەبارەت بە جیاوازیی نێوان دوو گرووپەکە لەمەڕ کاریگەرییەکانی دیکە، ئەوە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەدار بەدی نەکرا.

خشتەی ژمارە (11): ڕۆڵی گۆڕاوی مانەوە یان نەمانەوە لە بەشە ناوخۆییەکان لە دروستکردنی جیاوازی لە کاریگەرییەکان ڕووندەکاتەوە

| جۆری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتوو | مانەوە لە بەشە ناوخۆیی | | نەمانەوە لە بەشە ناوخۆیی | | z-score |
|---|---|---|---|---|---|
| | Estimate | P | Estimate | P | |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەهای خوێندن | -0.186 | 0.260 | 0.055 | 0.757 | 0.997 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەهای خوێندن | -0.336 | 0.000 | -0.436 | 0.006 | -0.533 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەهای خوێندن | 0.100 | 0.569 | -0.201 | 0.224 | -1.249 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.037 | 0.628 | 0.150 | 0.416 | 0.562 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | -0.285 | 0.004 | -0.395 | 0.043 | -0.504 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر فێربوونی کارا | -0.488 | 0.000 | -0.666 | 0.000 | -0.774 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.318 | 0.026 | -0.095 | 0.663 | 0.853 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.291 | 0.049 | -0.447 | 0.040 | -0.593 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.189 | 0.260 | -0.225 | 0.288 | -1.532 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر فێربوونی کارا | -0.018 | 0.923 | -0.228 | 0.213 | -0.802 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.008 | 0.958 | 0.218 | 0.331 | 0.766 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر فێربوونی کارا | 0.000 | 0.999 | 0.310 | 0.117 | 1.169 |
| بەهای خوێندن لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.013 | 0.862 | 0.523 | 0.000 | 2.895*** |
| بەهای خوێندن لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.541 | 0.000 | 0.754 | 0.000 | 1.066 |
| بەهای خوێندن لەسەر فێربوونی کارا | 0.429 | 0.000 | 0.739 | 0.000 | 1.640 |

*****P-value<0.01**

سەبارەت بە ڕۆڵی پسپۆڕی لە زانستەکان و مرۆڤایەتییەکان و دروستکردنی جیاوازیی لەسەر کاریگەرییەکانی گۆڕاوە سەربەخۆکان لەسەر گۆڕاوی شوێنکەوتوو، وەکو خشتەی ژمارە (12) ڕوونیدەکاتەوە کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەدار لە ئاستی بەڵگەداری (0.05) لە نێوان بەشە زانستی و مرۆڤایەتییەکاندا نییە، بەڵام لە ئاستی بەڵگەداری (0.10)دا سەبارەت بە کاریگەری بەهای خوێندن لەسەر بەشداریکردن لە وانەکان، جیاوازییەکی بەڵگەدار هەیە لە نێوان بەشە زانستی و مرۆڤایەتییەکاندا، بەچەشنێك کە لای خوێندکارانی پسپۆڕییە مرۆڤایەتییەکان بەهای خوێندن بەشێوەیەکی بەڵگەدار کاردەکاتە سەر بەشداریکردن لە وانەکان، بەڵام لای خوێندکارانی پسپۆڕییە زانستییەکان ئەم کاریگەرییە بەڵگەدار نییە.

خشتەی ژمارە (12): ڕۆڵی بواری خوێندن لە دروستکردنی جیاوازی لە کاریگەرییەکان ڕووندەکاتەوە

| **جۆری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر شوێنکەوتوو** | **ئەدەبی** | | **زانستی** | | **Z-Score** |
|---|---|---|---|---|---|
| | **Estimate** | **P** | **Estimate** | **P** | |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەهای خوێندن | 0.051 | 0.786 | -0.151 | 0.314 | -0.841 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەهای خوێندن | -0.330 | 0.003 | -0.419 | 0.003 | -0.494 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەهای خوێندن | -0.220 | 0.256 | 0.056 | 0.704 | 1.133 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.066 | 0.470 | 0.027 | 0.860 | -0.218 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | -0.342 | 0.004 | -0.276 | 0.082 | 0.332 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن خوێندکاران لەسەر فێربوونی کارا | -0.553 | 0.000 | -0.533 | 0.002 | 0.093 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.094 | 0.551 | -0.430 | 0.028 | -1.330 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر بەشداری لە وانەکان | -0.388 | 0.028 | -0.356 | 0.061 | 0.126 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.057 | 0.777 | -0.213 | 0.234 | -1.002 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن مامۆستا لەسەر فێربوونی کارا | -0.132 | 0.500 | -0.247 | 0.158 | -0.435 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.134 | 0.493 | 0.119 | 0.505 | -0.054 |
| توندوتیژی ڕەمزی پیادەکراو لەلایەن کارگێڕی لەسەر فێربوونی کارا | 0.218 | 0.254 | 0.131 | 0.453 | -0.335 |
| بەهای خوێندن لەسەر بەشداری لە وانەکان | 0.284 | 0.002 | 0.012 | 0.931 | -1.674* |
| بەهای خوێندن لەسەر پاڵنەری ئەکادیمی | 0.642 | 0.000 | 0.690 | 0.000 | 0.233 |
| بەهای خوێندن لەسەر فێربوونی کارا | 0.563 | 0.000 | 0.555 | 0.000 | -0.044 |

### 3. لیستی سەرچاوەکان:

**یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان:**

عەلی، سیروان وەلی (2011). ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی توندوتیژی ڕەمزی لەسەر گەنجان (توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری هەولێر). زانکۆی سەلاحەددین-هەولێر/ کۆلێژی ئەدەبیات/ بەشی کۆمەڵناسی (نامەی ماستەری بڵاونەکراوە).

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

آل رفعة، مسفر جبران (2015). تصور مقترح لمعايير ضمان الجودة والاعتماد المؤسسي بالمدارس السعودية في ضوء التوجهات العالمية. مجلة جامعة الباحة للعلوم الانسانية. العدد (2)، ص 119-156.

اتحاد الجامعات العربية (2017). دليل الجودة لمؤسسات التعليم العالي العربية.

(https://www.birzeit.edu/sites/default/files/u1226/dlyl_ljwd_lmwsst_ltlym_lly_lrby_2017_1.pdf)

بورديو، بيير (1994). العنف الرمزي، بحث في اصول علم الاجتماع التربوي. ترجمة: نظير جاهل. المركز الثقافي العربي، الطبعة الاولى.

بورديو، بيير وباسرون، جان كلود (2007). اعادة الانتاج في سبيل نظرية عامة لنسق التعليم. ترجمة: ماهر تريمش. المنظمة العربية للترجمة، بيروت.

بويطانة، عبدالله رمضان (1984). دور التعليم العالي والجامعي في التنمية العربية. المجلة العربية لبحوث التعليم العالي. العدد (2).

حجاوى، ربى (2016). تعريف الجودة في التعليم. (https://www.mawdoo3.com).

الحربي، نشمية بنت عبدالله (2013). العنف المدرسي وعلاقته بالعجز المتعلم. جامعة ام القرى، كلية التربية (رسالة ماجستير غير منشورة).

الحيا، محمد (1988). ادراك الطلبة في الجامعة الاردنية لسلطة الجامعية واثر ذلك على تكيفهم الاكاديمي. جامعة الاردن (رسالة ماجستير غير منشورة).

حسن، مبارك عبد الوهاب (2016). تطبيق معايير ضمان جودة التعيم في المؤسسات التعليمية العليا في نيجيريا "كلية التربية العليا لولاية جيغاوا نموذجا". المؤتمر العربي الدولي السادس لضمان جودة التعيم العالي.

الزواهرة، محمد خلف عبدالمحسن (2006). العلاقة بين العجز المتعلم وقلق الامتحان والتحصيل الدراسي لدى عينة من طلبة الصف التاسع في مديرية التربية والتعليم لقصبة المفرق. جامعة الهاشمية، كلية التربية (رسالة ماجستير غير منشورة).

سليم، نجيب (2015). الجودة في التعليم، مفهومها، معاييرها، وآلياتها. (https://www.new-educ.com ).

صفاء، شكو (2016). العنف الرمزي الممارس في مؤسسة الجامعة وعلاقته بمستويات الطموح لدى الطالب الجامعي. دراسة ميدانية لعينة من طلبة السنة الثانية علوم اجتماعية بكلية العلوم الانسانية والاجتماعية بجامعة ورقلة (رسالة ماجستير غير منشورة).

الظالمي، محسن والإمارة، احمد والاسدي، عبد علي (2012). قياس جودة مخرجات التعليم العالي من وجهة نظر الجامعات وبعض مؤسسات سوق العمل (دراسة تحليلية في منطقة الفرات الأوسط). مجلة الإدارة والاقتصاد (The magazine of Economics & Administration). السنة الرابعة والثلاثون - العدد التسعون، 2012، ص147-171.

عايد، على حسين (2016). العنف الرمزي المدرك وعلاقته بالعجز المتعلم. مجلة مركز دراسات الكوفة: مجلة فصلية محكمة. العدد (41) سنة (2016). ص337-377.

عبد الرحمن، علاء الدين وسليم، وسام وليد وناصر، ابتسام فائق (2011). تحديد معايير الجودة في مخرجات التعليم التقني الهندسي (https://www.iasj.net/iasj?func=fulltext&aId=28268).

عشيبة، فتحي درويش (2000). الجودة الشاملة وإمكانيات تطبيقها في التعليم الجامعي المصري – دراسة تحليلية في تطوير نظم إعداد المعلم العربي وتدريبه مع مطلع الألفية الثالثة، المؤتمر السنوي لكلية التربية، جامعة حلوان، 26-27 مايو.

عيسان، صالحه (2016). الجودة الشاملة والاصلاح التربوي (https://www.squ.edu.om).

وثيقة معايير ضمان جودة واعتماد مؤسسات التعليم المجتمعي (2014). (http://naqaae.eg/wp-content/uploads/2014/09/541.pdf).

وطفة، علي اسعد (2009). من الرمز والعنف الى ممارسة العنف الرمزي قراءة في الوظيفة البيداغوجية للعنف الرمزي في التربية المدرسية. مجلة شؤون اجتماعية. السنة (26)، العدد (104).

وطفة، علي اسعد (2012). الطاقة الاستلابية للعنف الرمزي. مركز الشرق العربي للدراسات، لندن، الطبعة الاولى.

هيئة واعتماد مؤسسات التعليم العالي (2015). دليل اجراءات ومعايير ضمان الجودة في مؤسسات التعليم العالي (https://www.mutah.edu.jo/docs/QualityAssuranceStandards.pdf).

الهيئة القومية لضمان جودة التعليم والاعتماد (جمهورية مصر العربية) (2011). وثيقة معايير ضمان الجودة والاعتماد لمؤسسات التعليم قبل الجامعي – مرحلة التعليم الثانوي. وثيقة الثانوى العام. الإصدار الثالث.

الهيئة الوطنية للتقويم والاعتماد الاكاديمي (2009). معايير ضمان الجودة والاعتماد لمؤسسات التعليم العالي (http://www.uoh.edu.sa/Subgates/Faculties/CC/About/PublishingImages/).

**سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Albemarle County Public Schools (2008), Framework for Quality Learning. Rigorous and Relevant Curriculum, Balanced Assessment, and Engaging Instruction. Establishing a community of learners and learning, through rigor, relevance, and relationships, one student at a time.

Beyer, L. E. (ED) (1966): Creating Democratic classrooms: The Struggle to Integrate theory and Practice. New York: Teachers College Press.

Castor, Martin & Borgvall (2018), Structural equation modeling for analysis of human and organizational factors in nuclear power plant control rooms. GEISTT, Stockholm.

Grima, Grace (2008), "What is quality education?" (www.timesofmalta.com).

Hooman, Heydar Ali (2009); Structural Equation Modeling with Application Lisrel Software; Tehran: SAMT (in Persian).

Nicuta, M, .F (2007): Symbolic Violence in Television, Faculty of Philosophy and Social-Political Sciences, "Al. I. Cuza" University, Iasi, Romania.

Stensaker, B. (2007). Quality as a fashion: Exploring the translation of a management idea into higher education. In D. F. Westerheijden, B. Stensaker, & M. J. Rosa (Eds.), Quality assurance in higher education: Trends in regulation, translation and transformation (pp. 99-118). Dordrecht, the Netherlands: Springer.

Wittek, Line & Habib, Laurence (2013), Quality Teaching and Learning as Practice Within Different Disciplinary Discourses, International Journal of Teaching and Learning in Higher Education, Volume 25, Number 3,pp. 275-287.